کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-7-2007 19:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئیتر واز لەو دەردە بێنن ... ڕێبوار محەمەد**

کەنەدا

بەمنەوە ڕەنگە سەد کەسێك و زیاتر خۆیان سەر قاڵی ئەو شەرە قسانە کردبی کە دەربارەی ئەو دراما تەلەفزیۆنییەی کوردسات هاتە ئاراوە، لەهەمووما گیرۆدەتر ئەو نوسەرە جدیانەن کە هادی مەهدی هەر جارەو لەشوێنێك و بەزمانێك پەلاماری داون. دیاردەیکی سەیر وترسناك لەم بوارەدا ئەوەیە کە دەستێکی غەدر لەپشتی ئەو کابرایەوە کە کوردی نازانی وەستاوە و ئەوەتا جنێوو تانەو تەشەرەکانی بۆ دەکات بەکوردی و زاری شیرینی ئێمەی پی ناشرین دەکات. ئەگەر وانییە ئەو کابرایە کەزمانی کوردی نەزانی ئەو ئیدیۆمە ناباوەی لەکوی هێنا بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆشنبیرو نوسەری ناودار ڕێبین هەردی.

ئەزبەنی کەنازانم کێی من ئێستا تۆ و تاوانبارێکی ئەنفال لەیەك خانەدا دەبینم تۆو جاسوسێکی ئەمنی جاران بەیەك چاو تەماشا دەکەم چونکە بەدڵنیایی تۆ دانیشتوی یەکەبەیەکەی ئەو قسانەی کابرای عەرەبی دان بدەت تێی ناگا بۆ ئەعەرەبێنیو ئەو تورەهاتانەی ئەویش بۆ ئێمەی قوربەسەر ئەکوردێنی. بەلای منەوە ئەو کارەت جگە لەشەرمەزاری هیچی ترت بۆ سبەینێت پی نابەخشی ووەك وەکیلو موتەرجیمەکانی ئەمنی جاران دەنوێنی کە زۆر لەو ڕۆلانەی کوردیان لەزیندانەوە بەرەو پەتی سێدارە بەری کرد ئیتر واز لەو کارە سوکە بێنە باکورد لەو لەفزە شیرینەی دۆستەکەت بی بەری بێت و ئیتر هیچی تری لی نەبیستی.

سەیرە؟؟!! دوا تەسریحی ئەو کابرایەم بینی کەدەڵی کۆمپانیای ئاریا دادەمەزرێنم، ئەری یابە تۆ لەقسەکانی پێشوتا ئەڵێی کوردسات 6000 دۆلارم قەرزارەو هیچم پارە وەك دەرهێنەر و بیرۆکەی ئەو کارە وەرنەگرتوە ئەی پێمان ناڵێی لەکوێت بوو؟؟!! ئەوەتا ئێمەی پەنابەری کورد لەم خۆرئاوایە شەوو ڕۆژ دەرەتێین بەدەست کارەوەو جورئەتی ئەوەمان نییە برادەرێکمان دەعوەتی قاوەڵتی بکەین، ئەی تۆ ئەم پارە مۆڵەت لەکوی بوو؟؟ ئەی یەکی نییە لەمە بپرسێتەوە، هەر بەتەنها تۆ بۆت هەیە ئەمو ئەو بەگەندەڵ بشوبهێنیو بەقسەی خۆت پەلاماری حکومەتی کوردستان دەدەیت (هەرچەندە لەمەشدا ئەحمەد ڕەزای نوسەر ی دراماکە بەدرۆی خستویتەوە) ، ئەری کابار بەرۆکمان بەردەو بچۆ فەسادی ناو حکومەتەکەی خۆت لەو خوارووە بکە بەدراماو چاوی هاوزمان و هاو مەزهەبەکانی خۆتی پی برێژە، هەر کاتێکیش کورد خۆی ویستی لەخۆی بدوی، چەندەها کەلەهونەرمەندی زۆر لەتۆ بلیمەت ترو بەتوانا تری هەیە پەنای بۆ بەری.

دوا پەیامم بۆ ئەو برا نوسەرە جددیانەیە کەبەچەند وتارێك هاتنە مەیدان، ئیتر هەق نییە خۆتان لەو شەرە قسەو بی پەیامیەوە بگلێنن، ئێوە خەڵك چاوەرێی ئەوەتان لی دەکات لەم ساتە چارەنوسسازەی کورددا کەلەبەردەم چەندەها مەترسیدایە هەر لەپان عەرەبیزمی کابرای ئاشنامانەوە بۆ هەرەشەی کەمالیستەکان خەریکی نوسینی جددی تر بن لەسەر ئەو شتە خەتەرناکانە نەك بەهەمووتان خەریك بن لەشەرێکی بی ئەنجامدا کابرایەکی بودەڵە بکەنە پاڵەوان.

کوردستان نێتی ئازیزیش ڕەنگە خۆی بۆ پرۆژەی باشتر ئامادە بکات لەو هەموو بی سەرو بەرەییە باشتر بێت.

ڕێبوار محەمەد _کەنەدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.